فایق زیدان و ئەنجوومەنی پارێزگای بەغدا تاوتوێی هاوکاری هاوبەش دەکەن

ئەمە پێنجشەممە، سەرۆکی ئەنجوومەنی باڵای دادوەری، دادوەر فایق زێیدان، لەگەڵ سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای بەغدا، عەممار قەیسی، لایەنەکانی هاوکاری نێوان دەسەڵاتی دادوەری و ئیدارەی پارێزگاکەیان تاوتوێ کرد.

لە ڕاگەیەندراوەکی ئەنجومەنی دادوەریدا هاتووە، "ئەمە سەرۆکی ئەنجومەنی باڵای دادوەری، دادوەر فایق زێیدان، پێشوازی لە سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگای بەغدا، عەممار قەیسی و ژمارەیەك لە ئەندامانی ئەنجومەنی پارێزگا کرد.

بە گوێرەی ڕاگەیەندراوەکە ئەوە هاتووە کە "لە میانی کۆبوونەوەکەدا لەگەڵ سەرۆك و ئەندامانی ئەنجومەنی پارێزگا، دادوەر فایق زیدان پیرۆزبایی لەکردن بە وەرگرتنی ئەو پۆستە نوێیە ، ئاماژەی بەوەشکرد، لەگەڵ ئەنجومەنی پارێزگا گفتوگۆی لەسەر لایەنەکانی هاوکاری نێوان دەسەڵاتی دادوەری و ئیدارەی پارێزگا کردووە .